گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق

بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چاکسازی کارگێری لەبواری ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

پرۆفسیۆری یاریدەدەر دکتۆر/ .مصطفی رسول حسین کۆلێژی زانکۆیی گۆیژە.

Mustafarasul00@gmail.com

مامۆستای یاریدەدەر/ بەرزان علی رحیم / بەشی یاسا/کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی هەڵەبجە.

barzanali@gmail.com

## پوختە

دام ودەزگا کارگێریەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەچەندین کێشەوە دەناڵێنێت، کەبەشێکی سەرەکی پەیوەندی هەیە بە سیستمی کارگێری پەیرەوکراو لەهەرێمداو بەهۆی هەڵەو گەندەڵی لە ڕەفتاری کارگێری،ئەمەش دەرەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی چاکسازیە لە سیستەمەکەداو خستنەڕووی سیستمێکی نوێیە وەك دیدگای ستراتیژی کە دەویسترێت بەدی بێت بۆ ڕاژەی گشتی وبەرژەوەندی گشتی هاولآتیان.

زانیاری توێژینەوەکە

وەرگرتن : ٢٠١٩/١٠/١٩

پەسەند کردن : ٢٠١٩/١١/٢٤

بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩

Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.4

وشە سەرەکییەکان:

*Public Administration Problems*

*Public service*

*Administrative behavior*

*Administrative reform*

## پێشەکی

### ١-ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە :

پرۆسەی چاکسازی لەراژەی گشتی لەهەرێمی کوردستان وەك بەشێك لەچاکسازی کارگێری، بابەتی ئەم توێژینەوەیە ، لەو روانگەیەی کە سیستمی کارپێکراو لەڕاژەی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان ، هەر ئەو سیستمە کلاسیکیەیە ،کەلە حکومەتی عێراقەوە بۆی ماوەتەوە، ئەویش وەڵامدەرەوە نیە لەگەڵ ئەو نوێبوونەوەو گەشەپێدانەی کە سیستمی ڕاژەی گشتیەی لە ئیستادا بەخۆیەو بینیوە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو تازە گەشەکردوی جیهاندا، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سیستەمی ڕاژەی گشتی هەرێمدا بیرۆکراتی بەتوندی پەیرەوکراوە، وەها لە وەزیفەی گشتی دەڕوانرێت کە پیشەیەکی جیاواز و سەربەخۆیە و بنەمای سەقامگیری وەزیفی و باڵادەستی دەوڵەت و ڕێسا و یاساپیادەدەکرێت لە کەرتی گشتی کە جیاوازن لەوانەی لە کەرتی تایبەت پیادەدەکرێت، لەم دەرئەنجامەیشدا ناکارایی و سیستمی لەبەرێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە تێچوو خەرجیەکی زۆر لەسەر دەوڵەت دەکەوێتەوە، بۆیە دەوڵەتان لەم سەردەمەدا، هەرلە ویلایەتەکگرتووەکانی ئەمریکا ، شانیشی یەکگرتوو، نیوزلەنداو ئوستralیا ، وڵاتانی تر رووەو سیستمێکی نوێی ڕاژەی گشتی هەنگاویان ناوە، کە ئەویش نازەندکراوە بە New Public Management
بەرێوەبردنی گشتی نوێ، کە لەسایەیدا دیدگایەکی نوێ بۆ راژەی گشتی پیشکەش دەکرێت لەسەر بنەماو ریسای دیاریکراوی خۆی، کە لەم توێژینەوەیەدا لێی دواوین.

2_ گرنگی بابەتی توێژینەوەکە :

لەئێستاداساڵی (٢٠١٩) پرسی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لەبرەودایە وپرۆژەیاساش بۆ پەرلەمان لەبارەیەوە پێشکەشکراوە ولەبەرنامەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە بەسەرۆکایەتی بەرێز (مەسرور مسعود بارزانی) ، پرسی چاکسازی کارگێری وگەشەپێدانی کەرتی گشتی تەوەرەی سەرەکی کابینەی حکومەتەکەی بەڕێزیانە بۆ ئەو مەبەستەش ،پیشنیازکراوە یاریدەدەرێك بۆ سەرۆکی وەزیران دابنرێت بۆ پرسی چاکسازی وراژەی گشتی،هەموو ئەمانە وادەکات توێژەرانی یاساو کارگێری ، توێژینەوەو پلانی چاکسازی لە کەرتی جیاجیاکانی کارگێری گشتی بخەنە ڕوو تاوەکو چاکسازی کارگێری بەمانا زانستی و دروستەکەی ئەنجام بدرێت نەك شتێکی رووکەش و نازانستی.

3_ پرسیاری توێژینەوەکە:

1. پرۆسەی چاکسازی کارگێری چییە؟
2. مێژووی دەستپێکی ئەو پرۆسەیە لە کوێ؟ و چۆن دەستی پێکرد؟
3. ئامانجە کانی چاکسازی کارگێری چین؟
4. چاکسازی کارگێری لە ڕاژەی گشتیدا چۆن بەدی دەکرێت؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. ئەو هۆكار و پاڵنەرانە چین لە هەرێمی كوردستان كەوا پێویست دەكەن كە چاكسازی لە راژەی گشتیدا بكرێن؟

## 4_گرفتی توێژینەوەکە :

سەرەڕای تێپەربوونی چارەکە سەدەیەك لە حوکمرانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تائێستا پرۆسەی چاکسازی کارگێری و گەشەپێدان بەکەرتی ڕاژەی گشتی لە هەرێمدا ئەنجام نەدراوە بەمانا زانستیەکەی،ئەوەی بە ناوی چاکسازی و نوێ بوونەوە ئەنجامدراون تەنها بابەتێکی رووکەش و سادەبوون دوور لە گۆرینی سیستم و بەهەندوەرگرتنی ئەزموونی وڵاتانی دیکە.

## 5_-میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەماندا میتۆدی شیکاری وبەراوردکاریمان بەکارهێناوە، چونکە بابەتی توێژینەوەکە وەهای خواستووە.

## 6_ پلانی توێژینەوەکە :

دوای پێشەکی ، توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ ئاخاوتن (مبحث) :

ئاخاوتنی یەکەم : چاگسازی کارگێری وەك دەروازەیەك بۆ گۆرانکاری لە ڕاژەی گشتیدا .

ئاخاوتنی دووەم : بوارەکانی چاکسازی لە ڕاژەی کشتی هەرێمی کوردستان.

ئاخاوتنی سێهەم: سیستمی ستراتیژی پێشنیاز کراوبۆ چاکسازی لە سیستمی ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لە کۆتایشدا کۆمەڵێك دەرئجام و راسپاردەمان پێشکەش کردووە.

## ئاخاوتنی یەکەم
## چاکسازی کارگێری وەك دەروازیەك بۆ گۆڕانکاری لە ڕاژەی گشتی

داخوازی بۆ چاکسازی لە سیستەمی وەزیفەی گشتیدا لەسەردەمی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت و پارتەسیاسیەکان لەئارادایە و لەو پێناوەشدا پرۆژە یاسای بۆ ئامادەکراوە.

چەمکی چاکسازی واتا وپێناسەی خۆی هەیە،پرۆسەی چاکسازی کارگێریی ئامانجداریشە و هۆکارو پاڵنەری جۆراو جۆری هەیە ، بۆیە بە پێویستی دەزانین

لەباسی یەکەمدا باس لەچاکسازی کارگێری بکەین وە دابەشی بکەین بۆ دوو داخاز لەیەکەمیاندا پێناسەی چاکسازی کارگێری بکەین و لەدووەمیاندا ئامانجەکانی بخەینە ڕوو.

داواکاری یەکەم :پێناسەی چاکسازی کارگێری
داواکاری دووەم:ئامانجەکانی چاکسازی کارگێری

## داواکاری یەکەم
## ناساندنی پرۆسەی چاکسازی کارگێری

لەپێناو ناساندنی پرۆسەی چاکسازی کارگێری بە پەسەندی دەزانین بابەتەکە ،دابەش بکەین بۆ دوو لق :

لقی یەکەم : پێناسەی چاکسازی کارگێری

چاکسازی کە لەزمانی ئینگلیزیدا ووشەی ((Reformی بۆ بەکاردێت بەمانای چاکردنی دۆخ و حاڵەتێك دێت یان چاکردنەوە و باش کردنی دێت،هەروا بەمانای سەرلەنوێ ڕیزکردنەوە و بەستنەوە و پێکهاتنی شتێك دێت. ( عارف : ٢٠٠٨: ٣٥).

لەڕووی زاراوەییەوە،زانایان هاوڕانین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی چاکسازی کارگێری بەشێوەیەك دەتوانین بەتێڕوانین لەو پێناسانەی کە زانایان خستویانەتە ڕوو دەبینین هەر زانایەك لەدیدگا و گۆشەنیگایەك لە بوارێك لەبوارەکانیدا پێناسەیان کردووە،بۆ پاڵپشتی و بەڵگەی ووتەکەمان چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو.

تۆێژەر (د.عفاف الباز) بەم جۆرە پێناسەی چاکسازی کارگێری دەکات : (گۆڕانی سەرتاسەری و بنەڕەتیە لەپلان وبیرکردنەوە و رێکخستن و ڕەفتاری ڕەگەزی مرۆیی لەدامەزراوەیەکی کارگێڕیدا) . ( الباز:١٩٩٥: ١٣ ) .

هەر لای خۆیەوە توێژەر (خلفان علي المصبح) لەپێناسەی چاکسازی کارگێری دەڵێت (هەوڵ و کۆششی ڕێکخراو یان دامەزراوەیەکە بەئامانجێکی مەبەستدار لەبنیاتی بیروکراتیەتی گشتی و ڕێوشوێن و ئیجرائاتە کانیدا،هەروەها لەئاڕاستەو ڕەفتاری کارمەندانی دامەزراوەکەدا،لەپێناو زیادکردنی توانست و چالاکی

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخراویی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی نیشتمان. ( المصبح:٢٠٠٨: ١٠٣ )
.

زانا (لونغرود ) لەپێناسەی چاکسازی کارگێڕیدا دەڵێت (گۆڕانێکی درێژ مەودا و بەردەوامە لە ڕێکخستن و دامەزراوە و بونیاد و بنەمادا پرۆسەیەکی کاریگەرە بەچاکسازی سیاسی و پرۆگرافی گشتی بۆ گۆڕان،بەشێوەیەك کە هەموو گۆشەیەکی دام و دەزگا کارگێڕیەکان دەگرێتەوە.ئەمەش پێویستی بە پلانێکی ستراتیژی ئامادەکراوی پێش وەختەی هەیە (المجذوب :٨٥٨:2005)

زانای یاسای کارگێڕی (د.خالد الزعبي) بە فراوانتر پێناسەی چاکسازی کارگێری کردوەو دەڵێت (چاکسازی کارگێڕی پەیوەندیەکی تەواوکاریە لەنێوان مرۆڤ و کۆمە ڵگادا بەئامانجی گۆڕانی ڕیشەیی لەشێوەی ڕفتاری باو لەپێناو دروست کردن و خۆڵقاندنی گیانی داهێنان و نوێکاری بۆ گەیشتن بەباشترین ئاستی بەرهەم لەچوارچێوەی ژینگەی ڕێکخراودا). (الزعبي :٢٠١٠: ١٧)
چاکسازی کارگێڕی لەڕوانگەی ڕەوتە فکری و سیاسیەکانەوە پێناسەکراوە ،لەڕوانگەی لیبرالیەوە وەك زانا((Lampedusaگوزارشتی لێدەکات (گۆڕانی هەموو شتێکە بۆ ئەوەی هیچ نەگۆڕێت و بمێنێتەوە) بەپێچەوانەی ئەم تێگەشتنە لیبرالیەوە لە ڕوانگەی مارکسیەتەوە ،چاکسازی فێڵێکی بۆرژوازیەتە ،تەنها بەرژەوەندیەکی کاتی و سنوردار دروست دەکات بۆ چینی چەوساوە و کرێکار. (الحلبي :١٩٩٨: ١٢).
لەمیانەی ئەو پێناسانەی خستمانە ڕوولای خۆمانەوە ئەم پێناسەیە بۆ چاکسازی کارگێری دەخەینە ڕوو : ( پرۆسەی گۆڕانی ڕیشەییە لە میتۆدی کارگێری گشتیدا بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەرکمەندی وئامانجەکانی کارگێڕی گشتی بەکەمترین ماوە وکەمترین تێچوو بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەسیاسی وئابوری وتوانا مرۆییەکانی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لقی دووەم
# ڕەگ و ڕیشەی مێژووی بزاوتی چاکسازی کارگێڕی

بەکارهێنانی چەمکی چاکسازی کارگێڕی بۆ یەکەم جار و لەسەرەتادا کە لەئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهات لەلایەن سەرۆك (تۆماس جیفرسۆن) کەپێشنیازی ئەوەی کرد گۆڕان لە بونیادی دەوڵەتدا بکرێت لەهەر بیست ساڵێکدا ،هەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ، چەند پرۆگرامێکی چاکسازی پەیرەوکرا سەرتایی ئەو پرۆژانە ئەوەبوو لەساڵی( 1828) لە سەردەمی (أندرو جاکسون) دابوو دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وەرگرت و پرۆسەی چاکسازی بەدروشمی (لێگەڕێن گەل فەرمانڕەوای خۆی بکات) دەستی پێکرد، ئەو پرۆسەیە بە زنجیرەیەك لە چاکسازی سیاسی و کارگێڕی درێژە پێدرا لەسەردەمی سەرۆکەکانی (ڕۆزفلت و ویدرۆ ویلسۆن ، ریگن ،ئۆباما).

خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوە لەنێوان هەموو ئەو پرۆژە چاکسازیانەدا ئەوەبوو کە بایەخ و گرنگی بەهاوڵاتیان بدرێت وەك چەق و بنەرەتی هەر پرۆسەیەکی چاکسازی ، ئەوەش لە میکانیزمی گواستنەوە لە بیرۆکراتی ریزبەندی سەرۆکایەتی بۆ حکومەتێك کە بەگیانی رێکخراو و دامەزراوەیی کار بکات دەگەڕێتەوە شەستەکانی سەدەی بیست، لەوکاتەی کە زانای کارگێڕی کاریان کرد بۆ بانگەشە و داواکاری بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستمە کارگێڕییەکان بۆ ئەوەی هاوڕهوت و شانبەشانی بەرنامەی چاکسازی نیشتمانی تێپەڕێت و رێبکات (عارف:٢٠٠٣:١٧) .

لەساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم، زانایانی کارگێڕی گشتی داوای جێبەجێکردنی بیرۆکەی نوێیان دەکرد لە دام دەزگا کارگێرییەکان بەئامانجی گۆڕان و گەشەپێدانی ئەدای دام ودەگاکان.

لەسەدەی بستەم و لە شانیشینی یەکگرتوو( بەریتانیا)، گۆرانیی ریشەیی لە پرۆسەی چاکساز کارگێڕی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ( مارگرێت تاتچەر (M.Thatcher لەسەرەتای ساڵی (1979)و لەگەڵ دەستپێکردنی دەسەڵاتەکانی تاتچەر، کەرتی حکومی لەبەریتانیا چاکسازی کارگێری بنەڕەتی بەخۆوە بینی،کە خۆی دەبینیەوە لەکەمکردنەوەی خەرجیەکانی دەوڵەت و گۆڕانی

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بونیات و پەیکەری دامەزراوە کارگێرییەکان و هەنگاونان بەرەو تایبەتکردن و سیستمی گرێبەست (الشابي:١٩٩٥:٣١٥).

لەفەرەنسا و لەسەدەی بیستەمدا پرۆسەی چاکسازی کارگێڕی بەمانا سەردەمی و زانستیەکەی لەبرەودابوو، بەتایبەت ئەو چاکسازیە فراوان وسەراپاگیریەی کەلەساڵی(1982)دەستی پێکرد(٢٠٠٣:٦٠:(Didicrlinottc

ئەوەش لەمیانەی چاکسازی لە سیستمی لامەرکەزی کارگێڕی و پێدانی دەسەڵاتی کارگێری بووبەهەر 26 ناوچەکارگێڕییەکەی فەرەنسا.

پرۆسەی چاکسازی کارگێڕی فەرەنسی تازە (نوێ) کە لەمیانەی ساڵانی(1988) تا (1998) ی خایاند و لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێکهێنرابوو لەژێر ناوی( کارایی دەوڵەت) بەسەرۆکایەتی( فرانسوا دو کلوست) بوو، بەئامانجی هاوچەرخ کردنی دام دەزگا کارگێڕیەکان( Le renoveau du scrvice public) واتە نوێکردنەوەی کەرتی وەزیفەی گشتی بوو(٢٠٠٣:٦١:..Didicrlinottc)

شایەنی ئاماژەپێدانە لەژێر کاریگەری ئەو پرۆسە چاکسازیەکارگێڕییەی کە لە وڵاتانی رۆژئاوا ڕوویدا لەسەر ئاستی ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەستیان بەو پرۆسەیە کرد بۆ نموونە لە عێراق لەساڵی 1970 هەوڵ هەبوو بۆ ئەوکارەو لە ئوردون لەساڵی 1967. (عاشور:١٩٩٥:٣٦)

## داواکاری دووەم
## ئامانجەکانی چاکسازی کارگێڕی

پرۆسەی چاکسازی کارگێڕی، بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی بەدیهێنانی مەبەستێك یان زیاترە لەمانەوەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو( الداعر:٢٠١٦:١٦ ) و(عاشور:١٩٩٥:٣٦).

1. بنیاتنانی کارگێڕی ستراتیژی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی کاری کارگێڕیدا لە ڕێگەی پەرەدان بە توانای کارمەندان و پێشخستنی دامودەزگای کارگێڕی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی رێکخراو ودەروەیەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. برەودان بە سیستمی نامەڵبەندێتی کارگێڕی ودوورکەوتنەوە لە ناوەندێتی بڕیاردان و پیادەکردنی ڕاسپاردنی کارگێڕی ( التفويض الإداري).
3. بەدەستهێنانی ئامانجی ئابووری وبەدیهێنانی توانستی دارای لەمیانەی بەرزرکردنەوەی توانای داهات وکەمکردنەوەی تێچوو و رەخساندنی هەلی وەبەرهێنانی.
4. لەخۆگرتن و گونجاندن لەگەڵ گۆراوەکان کە ڕوودەدەن لەقەوارەی داهاتی مرۆیی لە ڕوویی چەندیەتی و چۆنیەتی لە سەر ئاستی رێکخراوە کارگێڕییەکان و کارکردن بەشێوازی تیم.
5. پشبەستن بە میکانیزمی نوێ بەتایبەت پیادەکردنی کارگێڕی ئەلیکترۆنی لەدامەزراوە کارگێڕییەکان وەك دەستپێك بۆ حکومەتی ئەلیکترۆنی.
6. کارئاسانی لە ڕێوشوێن و ڕێکارە کارگێڕییەکان لەمیانەی کەم کردنەوەی رۆتینی کارگێڕیی، خێرا بەرێوەبردنی کارە کاگێڕییەکان زەمینەسازی بۆ شەفافیەتی کارگێری

ئەوەی خستمانە ڕوو، کرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی چاکسازی کارگێڕیە، پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکەمان، چاکسازی کارگێڕیی ئاراستە دار لە بواری وەزیفەی گشتی خۆی دەبینێتەوە ، لە میانەی پیادەکردنی بنەمای یەکسانی لە بواری وەزیفەی گشتی،بنەمای لێهاتوویی و توانستی لە وەرگرتنی پۆستی وەزیفەی گشتی،وهاوبەشی کەرتی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی لەگەیاندنی خزمەت گوزاریە گشتیەکان بە هاولآتیان، کەمکردنەوەی ژمارەوڕێژەی فەرمانبەران لەدامەزراوەکان. ئەو بابەتانەی کە لەباسەکانی داهاتوودا، بەدرێژی لێیان دەدەوێین.

## ئاخاوتنی دووەم

## بوارەکانی چاکسازی کارگێڕیی لە ڕاژەی گشتیدا

بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو تەوەرە و بوارانەی لەچوارچێوەی ڕاژەی گشتیدا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، پێویستی بە چاکسازی کارگێڕیی هەیە، سەرەتا داواکاری یەکەمدا پیناسەی چەمکی وەزیفەی گشتی دەکەین و لەداواکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەمدا لە دۆخی چاکساری ڕاژەی گشتی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دەدوێین.

## داواکاری یەکەم
## پێناسەی چەمکی وەزیفەی گشتی

چەمکی(وەزیفەنگشتی) یان فەرمانبەرێتی گشتی لە چەمکە نوێیەکانی بواری کارگێری گشتی ویاسای کارگێریە، لە زمانی کوردیدا دەستەواژەی (ڕاژەی گشتی) یان خزمەتی گشتی بەکاردێت،کە وەرگێراوی چەمکی ( Fanction publique) لەزمانی فەرەنسی و ((Civil Service لە زمانی ئینگلیزیدا.

لەڕووی زاراوەییەوە ، بەدووومانا دێت و دوو پێناسەی بۆکراوە:

پێناسەی یەکەم: (ڕاژەی گشتی) بەمانا فراوانەکەی کە بۆ دوو واتا بەکاردێت ، یەکەمیان ڕوالەتی وفۆرمیەودووەمیان بابەتی، بەمانا ڕواڵەتی وشکلیەکەی بەکاردێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەرکی کارگێری لە دامەزراوە و خزمەت گوزارییە گشتییەکان بەواتایەکی ڕوونتر ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە بۆ بەرژەوەندی کارگێری کاردەکەن و بەناوی کارگێریەوە لە پێناویدا کاردەکەن(ماهرالجبوری:١١٥:1996)

مانای بابەتی : واتای ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە فەرمانبەران ئەنجامی دەدەن، وچڕدەبێتەوە لە ڕێکخستنی ئەو چالاکیەدا بۆ ئەوەی کارگێری بتوانێت هەستێت بەو کارو ئەرکانەی پێ سپێردراوە (خاطر :34:2008).

پێناسەی دووەم بۆ ڕاژەی گشتی :

کۆمەڵە تایەبەتمەندی و پسپۆری یاساییە دەسپێردرێت بە فەرمانبەری گشتی بۆ ئەوەی پیادەی بکات بەگوێرەی رێکخستنی یاسای و کارگێریی کە کارپێکراوە بۆ ئەو پسپۆریانە. ( حبیش:14:1982)

لەلایەن خۆمانەوە پێناسەی دووەم بە پەسەندتر دەزانین لەبەر ئەوەی چەمکی ڕاژەی گشتی سەردەم بنیاتە لەسەر بنەمای پسپۆریەتی وتایبەتمەندێتی یاسایی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر ڕەوتێك لەلایەنگرانی ئەو دوو پێناسەیە، نمایندەی ئاراستە و ڕێبازێکی کارگێڕی و فەلسەفی (باو) ی دەوڵەتانی جیهان دەکات کە کارپێکراوە لە چوارچێوەی سیستمی ڕاژەی گشتی .

ئەوانیش، بیرۆکەی ئەمریکی (سیستمی راژە)، و بیرۆکەی ئەوروپی ( سیستمی سلکی وەزیفی هەمیشەیی و بەردەوام)ە.

-ڕاژەی شارستانی لە ئەزموونی وولآتاندا.

لە سیستمی ئەمریکیدا کە کاربە سیستمی ڕاژە دەکات، ڕاژەی گشتی،وەزیفەی گشتی جیاوازی نیە لەگەڵ پیشەو کارەکانی دیکەی دامەزراوە کارگێرییەکان وەك دامەزراوەکانی دیکە کارمەندەکانی دادەمەزرێنێت و رەوتی کارو پرۆژەکان وەك ئەوە دەگوزرێت لە بواری کەرتی تایبەت، لەم سیستەمەدا کاربە بنەمای ( توقیت الوظیفة العامة)، ڕاژەی گشتی کاتی دەکرێت. کەلەساڵی( 1820 ) یاسایەکەی دەرچو، ناوزەندکرا بە(The Four yearsTenure act) .

هەرچەندە لەوبەرووارەوە کە یاساکە دەرچووە، چەندین هەمواری بۆچاکسازی بەخۆوە بینیوە، دواترینیان کە لەسەرچاوەکانی بەردەستدا بینیمان ئەوەبوو کەلەساڵی(1978) ، یاسایەك دەرچوو بۆ مەبەستی چاکسازی لەبواری ڕژاەی گشتی و سەربەخۆیی سیاسی بۆ وەزیفەی گشتی و چەسپاندنی کارایی کارگێری وەك دەستەبەریەك بۆ فەرمانبەران(مبارك:19:2015).

خەسلەتێکدا کە بریتین لە : ( مبارك :٢٠١٥:٢١):

1. ڕاژەی گشتی ، پیشەیەکی جیاواز وسەربەخۆیە لە پیشەکانی دیکە و جیادەکرێتەوە بەوەی سیفەتی بەردەوامی و سەقامگیری هەیە.
2. کارمەندو فەرمانبەرانی، ملکەچ نابن بۆ یاسای کار، بەڵکو یاسا و ڕێنمایی وەزیفی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەپێناو بەڕیوەبردنی خزمەگوزارییە گشتییەکان.
3. لەو ڕوانگەیەوە کە فەرمانبەر چارەنووسی پەیوەست نیە بە ڕاژەی گشتی ئەوا بەمەرج دانراوە، کە لەکاتی دامەزرانیدا ڕادەیەك لە رۆشنبیری و پڕوانامەی لە پسپۆریەتیەکەیدا هەبێت بۆ ئەوەی لە بارێکدا ئەگەر ڕاژە کەی لە فەرمانگەکەیدا هەڵوەشایەوە وبتوانێت لەفەرمانگەیەکی دیکەدا ڕاژەکەی درێژە پێبدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. فەرمانبەر لەم سیستەمەدا ملکەچە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی لەچوارچێوەی بنەمای رەوایەتیدا.

## ئاخاوتنی دووەم

## دۆخی چاکسازی کارگێری لە ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

سیستمی ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەرئەو پیکهاتەو چێوە یاسایی و جۆری سیستمەیە، کە لە عێراقدا پەیرەو دەکرێت و هەرلەویشەوە وەریگرتووە و بۆی ماوەتەوە، ئەو سیستەمەی ڕاژەکە لە عێراقدا پەیرەوکراوە هەر ئەوەبووە، کە ناوەزند دەکرێت بە سیستمی ئەورووپی بۆ ڕاژەی گشتی، بارگاوی بەبیرو فیکری سۆشیالیزم و زالبوونی دەوڵەت بەسەرکایەو بوارە جۆراوجۆرەکان و دەستوەردان تیایدا، وەك ئەوەی ، کە لە دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) ی عێراقد الە مادەی (٣٠) بڕگەی (١) دەقی لەبارەوە هێنراوە( ڕاژەی گشتی، ئەمانەت و کارێکی پیرۆزەو خزمەت وڕاژەی کۆمەڵآیەتیە ،کرۆکەکەی پابەندبوونی دڵسۆزانەیە بە بەرژەوەندی جەماوەر ومافەکانی بەگوێرەی ئەحکامەکانی دەستور ویاسا کارپێکراوەکان)

لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەڕلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ، پەرلەمان ، یاسای نوێی بۆ ڕاژەی گشتی شارستانی دەرنەکرد بەڵکو لەسەر بەرکاربوونی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(24)ی ساڵی 1960 ی هەمواركراو مایەوەو لە بواری بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانیش یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە(14)ی 1991ی ساڵێ پیادەکراو ولە بواری خانەنشینی فەرمانبەراندا یاسای خانەنشینی ژمارە (33)ساڵی 1966 دواتریش یاسای خانەنشینی یەکگرتوو کارپێکراوبوون وەك چێوەی یاسایی ڕاژەی گشتی گشتی فەرمانبەران لە هەرێمدا.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق (2003) ، و لە دەستوری عێراق (2005) ولەدەقی مادەی

(١١٧) دا ، دانیناوە (اعتراف)ی بەقەوارەی هەرێمی کوردستان کردووە وەك هەرێمێکی فیدرالی لە عێراق،بەو هۆکارە لەرووی یاساییەوە هەرێم دەسەلاتی هەیە کە یاسای تایبەت بە خۆی هەبێت لەو بوارانەی لە تایبەتمەندێتی هەرێمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فیدرالیەکاندایە ،لەنێویشیاندا بابەتی ڕاژە (وەزیفە) ی گشتی ،بەمەش دەروازەی یاسايي بۆ کرایەوە کە چاکسازی لە بواری ڕاژەی گشتیدا بکات بەڵام ئەوپرۆسەیە بەگشتگیری و بنەڕەتی ئەنجام نەدرا ،ئەگەر چی لەسەر ئاستی سنوردار و بەشی هەنگاوی بۆنراوە لە چوارچێوەی ئەوەی پەیرەوکرا لە دامەزراندنی 200•• فەرمانبەر لە سەربنەمای خاڵبەندی لە ساڵی 2011 دا.، بەڵام وەك پرۆژەیەکی سەرتاسەری بۆ ئەو پرۆسەیە دواکەوت تا ئەوەبوو لە ساڵی 2018، پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی پەرلەمان کرا، بەڵام تا کو ئیستاش بە پرۆژەی ماوەتەوە ئومێد دەکرێت لەم خولەی پەرلەماندا پەسەندبکرێت، لە ئامانجەکانی ئەو پرۆژە یاساییە هاتووە:( بەرجەستەکردنی بنەماکانی یەکسانی و داد پەروەری و شایستەبوون لە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازەکان لە هەرێمی کوردستان ، بەدامەزراوەیی کردنی بەرێوەبەرێتی و فەرمانگەو یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لەبوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایش و یەکخستنیان و رێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە بالآکان) .

هەرچەندە ئەو پرۆژەیە تائیستاش لە گەڵدا بێت خویندنەوەی بۆ نەکراوەو نەبووتە یاسا، تا بچینە ووردەکاری ماددەو برگەکانی ، بەڵام ئەوەی بەپێویستی دەزانین تیشکی بخەینە سەر ئەو هۆکارانەی کەوا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم خولەی پەرلەماندا ، پەلە بکات لە دەرکردنی ئەو پرۆژەیەدا دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لە گرنگترینیان ئەمانەن :

1. هۆکارە سیاسیەکان:

خۆی لە داواکاری و دروشمی پارتە سیاسیەکان بەوانەی لەدەسەڵات وئۆپۆزیسیۆنیشدابوون، لە هەوڵی ئەوەدان پرۆژە یاسا پێشکەکەش بکەن بۆ چاکسازی بەگشتی و چاکسازی سیاسی بەتایبەتی ، لەم رووەوە پێشنیارکراوەبۆ دامەزراندنی یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری چاکسازی.لە کابینەی نوێی حکومەت.

2. هۆکاری ئابووری:

قەیرانی دارایی کە لە ساڵی (2014) سەرتاکەی دەرکەوت و لە سەرەتای ساڵی(2016)بەدیاریکراوی لە( 2/3/ 2016) کە بریاری پاشەکەوتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

موچەی فەرمانبەران درا، قوڵایی ئەو گرفت و کێشانەی بەدەرخست کە لە سیستمی فەرمانڕەوایی هەرێمدا هەبوون بەگشتی وبەدیاری کراوی لە ڕاژەی گشتی فەرمانبەراندا هەبوون ، بۆیە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوت موچە لە(2019/3/8)سەرۆکی حکومەت جەختی لەوە کردەوە ، کە بۆ دووبارەنەبوونەوەی قەیران و کاریگەریە سەختەکەی پێویست بەوە دەکات پەرلەمان هاوکاری حکومەت بێت بۆ چاکسازی لە سیستمی راژەی گشتی فەرمانبەران . (بۆ زانیاری زیاتر بروانە پێگەی ئەلیکترۆنی وەزارەتی دارایی وئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق http://mof-krg.org/Default.aspx?page=article&id=1802 ڕێکەوتی سەردانی کردنی پێگەی ئەلیکتترۆنی ٢٠١٩/٣/١١)

3. هۆکاری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی :

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، لە میانەی ئەو راسپاردانەی کە داویەتی بە عێراق، لەنێویشیدا بە هەرێم جەخت لەسەر چاکسازی سیستمی ڕاژەی گشتی دەکات و دەخوازێت حکومەت پاڵپشتی کەرتی تایبەت بکات و کەلێن و سەرچاوەکانی گەندەڵی بنەبڕ بکات لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق جەخت دەکاتەوە لەسەر دیاریکردنی ژمارەی تەواو راستەقینەی فەرمانبەرانی هەرێم و شەفافیەت لە دامەزراندن و دەرماڵەو نەهێشتنی فەرمانبەرانی بندیوار، لەم ڕوانگەیەوە حکومەتی هەرێم لەساڵی 2017 پرۆسەی بایۆمەتری بۆ موچەخۆرانی حکومەت دەستپێکردوو لەو پرۆسەیدا ژمارەی فەرمانبەران دیاریکراو ژمارەی فەرمانبەرانی ڕاستەقینە وبەنزیکەی ژمارەی فەرمانبەرانی ( بندیوار) دەرکەوت بۆحکومەت.

4. زۆری ژمارە فەرمانبەران:

ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم لە 680000 فەرمانبەرتێپەریوە و ژمارەی موچەخۆران لە 1200000 تێپەریوە، ئەمە بەگوێرەی دانپینانی سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم کە بەنزیکەی بە6000.000 شەش ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، ئەو رێژەی فەرمانبەرانە زۆرە لەسەرو ئەو ستانداردەیەوە کە

لەوڵاتانی دیکەوە پەیرەو دەکرێت لە هەرێم، ژمارەی موچەخۆر یەك لەسەر چواری دانیشتوان بەلام لە دەوڵەتانی دیکە حەوت لەسەد ٧% تێپەرناکات، ئەمە لە خۆیدا بارگرانی بۆ بودجەی حکومەت و خەرجی حکومەت دروست دەکات ،حکومەت بودجەی خۆی لەبواری تەشغیلی خەرج بکات و رێژەیەکی کەم بۆ بودجەی وەبەرهێنان تەرخان بکات، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم(5) سالە بودجەی پێشکەشی پەرلەمان نەکردووە و زیاتر چاوی لەو( تخصیصیاتە) و نێردەخەرجیانەیە کە لە حکومەتی عێراقیەوە پێی دەگات یان لەداهاتی فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆی دەستی دەکەوێت لەپاڵ داهاتی ناوخۆلەباج سەرچاوەکانی دیکە بۆ زانیاری زیاتر بروانن لە دیداری وەزارەتی داراییی و ئابوری لەگەڵ تیمی کەناڵی رووداو کە بلآوکراوەتەوە لە پێگەی وەزارەت:
id=1802&http://mof-krg.org/Default.aspx?page=article

گرفتێکی دیکە لە هەرێمدا زۆری ژمارەی خانەنشینانە بەسەربازی ومەدەنیەوە ئەمە سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی کە بەدەر لە یاسا خانەنشین بوونە، 464 کەس بە پلەی وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کە یەك ڕۆژ کاریان لەو پۆستانە نەکردووە، یا بە پلەی بەرزتر خانەنشین کراون، یان خانەنشینی سەربازی بە پلەی بەرز وەردەگرن کە زۆربەیان ڕەگەزنامەی ولآتانی ئەوروپی و ئەمەریکییان هەیە و لە هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون .

لەلایەکی تر، بە بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی کە بەدەر لە یاسا بەرز کراوەتەوە، لە یاسای ڕاژەی شارستانی کە بەرکارە تا ئێستە، دوو پێوەری داناوە بۆ جێگیرکردن و بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفی فەرمانبەران کە ئەوانیش پێوەرەکانی (بڕوانامە و خزمەتن).

ئەو ئامارەی لە بەردەستدایە، تەنیا لە پێوەری بڕوانامە هەزار و 557 کەس بەدەر لە یاسا بەرز کراونەتەوە، بۆ پلەی باڵای (ا) کە ڕاوێژکار و بریکاری وەزیر نۆ کەس، سێ کەس بێ بڕوانامەیە، دوو دەرچووی ئامادەیی، چوار دەرچووی پەیمانگەیە. لە پلەی باڵای (ب) کە بەڕێوەبەری گشتییە، یەك کەس بەرز کراوەتەوە، لە پلەی یەك خەبیر و جێگری بەڕێوەبەری گشتی 470 کەس دەرچووی ئامادەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ناوەندی و سەرەتایی و بێ بڕوانامەن کە پێویستە دەرچووی کۆلێژ بن، لە پلەی دوو و سێ و بەڕێوەبەری پێشکەوتوو هەزار و 77 کەس لە سەرەتایی و بێ بڕوانامەن .

وەك پێشتر باسمان لە زۆری ژمارەی مووچەخۆران کرد کە نزیکەی 25%ی هەموو دانیشتووانی هەرێمە، جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پلە تایبەتەکانی (بریکاری وەزیر، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) لە داودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان دەگاتە 340، ماوەیەکی زۆرە کار دەکەن و خانەنشین نەکراون یان کەسانی تر لە شوێنیان دابنرێت .

بۆیە دەتوانین بڵێین چاکسازی لە کەرتی گشتی پێویستیەکی هەنوکەییە ،کە دەبێت پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ بکەن .

پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو داودەزگاکانی حکوومەت بکرێت، ئەو زیادەڕۆییانەی لە پلەی وەزیفی کراون، جارێکی تر ڕێك بخرێنەوە و پێداچوونەوە بە دۆسیەی هەموو فەرمانبەران بکرێتەوە، هەر فەرمانبەرێك مافی خۆی پێ بدرێت و زیادەڕۆیی نەهێڵرێت بەپێی پێوەری (بڕوانامە و خزمەت) کە هەنگاوێکە بۆ گەڕاندنەوەی دادپەروەری، لە هەمانکاتدا وردبینی لە دۆسیەی هەموو خانەنشینانی شارستانی و سەربازی بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی خانەنشینی نایاسایی و ئەوانەی بە زیاتر لە مافی خۆیان خانەنشین کراون

لەلایەکی ترەوە، پێویستی بە داڕشتنەوەی هەیکەلی وەزارەت و داودەزگاکانی حکوومەت هەیە بۆ کەمکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە داتاشراوەکان کە بۆ مەبەستی پێدانی دەرماڵە بە هەندێك کەس دروست کراون.

## ئاخاوتنی سێهەم

## سیستمی ستراتیژی پێشنیاز کراو بۆ چاکسازی لە سیستمی ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

پلانی ستراتیجی بۆ چاکسازی لە سیستمی ڕاژەی گشتی وەزیفی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ،پلانێکی سانا و ئاسان نیە چونکە فرە رەهەندە و کاریگەری دەبێت لەسەر توێژێکی زۆری کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ئەو پلانە

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ستراتیژیە،ئامانجی خۆی بپێکێت ،باشتر وایە لە پراکتیکیدا لە وولاتێك یان چەند دەولەتێك پیادەکرابێت و دەرئەنجامی سەرکەوتو،خوازیاری هەبوو بێت .
لەم ڕووەوە زانایانی بواری کارگێری گشتی پلانی ((New Public Management پێشنیاز دەکەین وەك پلانێکی ستراتیژی بۆ چاکسازی لەسیستمی ڕاژەی گشتی و وەزیفەی گشتیدا ،بنیات لەسەر ئەوە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داخاز:
داواکاری یەکەم : ناساندنی چەمکی بەڕێوبردنی گشتی نوێ New Public Management
داواکاری دووەم : هۆپێناوەکانی بەرێوەبردنی گشتی لەسیستمی New Public Management

## ئاخاوتنی یەکەم
## ناساندنی چەمکی بەڕێوبردنی گشتی نوێ
## New Public Management

لە ئاستی وولاێتانی پێشکەوتوو و تازەگەشەکردوی جیهان ،پڕۆژەی چاکسازی لەدەیەی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆر لە برەودابوو، بەتایبەت دوای هەڵکشانی نرخی نەوت لەبازاری جیهانی لە ساڵی(1973) و ئەو قەیرانەی ڕووبەرووی وولاتان بوویەوە ،ئەمە وای کرد دەولەتان و لەپێش هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست بکات بەپەیڕوکردنی سیستمی (بەڕێوە بردنی گشتی نوێ) ئەوەش بەکاریگەری و بەرنامە ڕێژکردنی لەلایەن بیرمەندانی ئاڕاستەی و ڕێبازی (ئابوری لیبڕاڵی) لەنێوانیان( فون هایك و مولتر فریدمان ) .(غنيم: 2004 : 25) .
بەڵام خودی چەمکەکە ( (New Public Managementبۆیەکەم جار لەساڵی 1990 لەلایەن تۆێژەر و ( (Aucoinبەکارهات و دواتریش (کریستوڤر هود (ch.Hood هەمان دەستەواژەی بۆ بەکارهێناو کورتکراوەی ((N.P.Mبۆداڕێژراوە. (سلوني: ٢٠١٤:١٢٨).
ئەو دەسنەواژەیەش گوزارشت بوو بۆ ئاماژەدانی بەو شێوازو ڕێگایانەی کە لە بەڕێوبردنی کارگێری گشتی وەزیفی ئەو بنەمایانە لە دوو دەیەی سەدەی ڕابردوو لە شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)دەولەتانی دیکە وەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئوستراليا ونيوزلندا لەو سەرەتايەوە ئيتر گشتاندنی بەوشێوازە كراوە لە دەوڵەتانی ئەوروپا و ئاسيا و ئەمەريكای لاتينی،بەشێوەيەك لەئێستادا سەرچاوەی پرۆژەكانی حكومەتەكان بوو،بۆ روونكردنەوەی واتەكەی دەوترێت ((N.P.M بەواتای سوود وەرگرتن و پيادەكردنی ڕێساكانی بەڕێوەبردنی ڕێكخراوە و دامەزراوە ئابووريەكانی كەرتی تايبەت لە رێكخراوە و دامەزراوەكانی كەرتی گشتی دا بەمەبەستی هاورەتبوون لەگەڵ ميكانيزمی بازاڕدا ،و هاوچەرخ (نوێ) كردنەوەی كاری ئەو دامەزراوانە يە. لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو كاريگەری كە ژينگەی دەوروبەر دروستی دەكات لەسەر دامەزراوەكان (Beenard,2008. 1)ئەم سيستمە بەرجەستەكردنی ئەو رەوتە چاكسازييەيە كە كۆمەڵە دەوڵەتێك پێی هەڵساون لە خزمەتگوزاريە گشتيەكانی دەوڵەت.

لە (. (N.P.Mدا، گواستنەوەی ميكانيزم و شێوازەكانی بەرێوەبردنی كەرتی تايبەتی بۆكەرتی حكومی بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزارييەگشتييەكان، هەوڵدانە بۆ كاراكردن و چوستی دام ودەزگا كارگێرييەكانی دەوڵەت وباشكردنی شێوازەكان ئەدای كاركردنيان.(سلوني :٢٠١٤:١٢٨).

جياوازی بوونی بەرێوەبردنی گشتی نوێ لە بەرێوەبردنی بيرۆكراسی، لەچەند خالێكدا دەردەكەوێت،( ليلى :٢٠٠٦:٣٧) ، (الشماع:٢٠٠٨:٥٢)

1. ( (N.P.Mبەرێوەبردنی گشتی نوێ، پشت دەبەستێت بە چەندين ماناو و داتای وەك ( كارايی، چوستی، بەرەنگاربوونەوە ،داهێنان، فێركاری رێكخراوەيی ..) بەڵام بەرێوەبردنی بيرۆكراسی پشت بەچەند دەستەواژەيەكی وەك(بەرپرسيارێتی، ناوەنديەتی ئيداری، دەسەڵاتی باڵا، رێساو ئيجرائات) دەبەست.
2. شێوازی دامەزراندنی و كاركردنی كارمەندان(فەرمانبەران)لە دامەزراوە حكوميەكان لە( (N.P.Mدا بەشێوازی گرێبەست، لەبيرۆكراسيدا كار بە دامەزراندن دەكات .
3. پلەبەرزكردنەوەی پێشكەوتنی فەرمانبەران ( (N.P.Mبەگوێرەی ماوەو ( أقدميه) بەڵام لە بيرۆكراسی پشت بە ئەداو شياويەتی دەبەستێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. ( N.P.M)لە جۆری بودجەدا جەحت دەکاتەوە لەسەر دەرئەنجامەکان بەڵام لەبیرۆکراسیدا جەخت لەوسائلەکان( هۆپێناوەکان) دەکات.
5. لە ( N.P.M)دا جێبەجێکردنی کارەکان بەشێوازی سەربەخۆ دەبێت، بەڵام لە بیرۆکراسیدا پشت بە دابەشکردنی کارو تایبەتمەندی دەبەستێت.
6. جیاکاری نێوان بەرپرسیاریەت سیاسی واداری لە ((N.P.M، روونەودیارە، بەڵام لە بیرۆکراسیدا ناڕوونە.
7. لە بیرۆکراسیدا وابەستەبوون وپابەندبوون بەرێساو ڕێکارە قانونیەکان(مەراسیم و بڵاوکراوەکان ورێنماییەکان) ئامانجە. بەڵام لە ( N.P.M)ئامانج گرنگیدان ولەبەرچاوگرتنی بەرهەم و رەزامەندی مامەڵەکان و باشکردنی شێوازی ئەدای و چالاکیە.

## ئاخاوتنی دووەم
## هۆپێناوەکانی بەرێوەبردنی گشتی لەسیستمی
## New Public Management

سیستمی کارگێری نوێ ( N.P.M)پشت دەبەستێت بەهەمان هۆپێناوەکانی کەرتی تایبەت، ئەو هۆپێناوانە پۆلێنی دەکرێن بۆ دوو جۆر :

1) هۆپێناوە جۆرییەکان ( الوسائل النوعیة)

ئەم هۆپێناوانە جۆراوجۆرن، بەهۆیانەوە پلە بە پلە دامەزراوە گشتییە (حکومییە) ئیداریەکان وەری دەگرن و پیادەی دەکەن، لە گرنگترین ئەم هۆپێناوانە شێوازی پەیوندیکردن(الاتصال)..

پەیوندی بەکرۆکی هۆپێناوەکانی( N.P.M)دادەنرێت وبازنەی نێوان کارگێری باڵاو فەرمانبەرانە لە هەموو خاسیتەکانی دامەزراوەکاندا، لە چوارچێوەی پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی و لەنێوان دامەزراوە ومامەڵەکاریدا لەلایەکی دیکە بەنمونە پشت بەستن بەشێوازی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی ، ئەمەش ناوزەنددەکرێت بە پەیوەندی دەرەکی(الاصلاح الاداري في المغرب : مجلة القانون والعلوم الادارية، پێگەی ئەلیکترۆنی: http://www.droit-naric,.blogeot.cim )

أ/پەیوەندی ناوخۆیی ( الاتصال الداخلي)

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوندی ناخۆیی: کۆمەڵە بنەمایەکە کە پەیوەندی هەیە لەکارکردن و جێبەجێکردنی لەدامەزراوە کارگێرییە گشتییەکاندا، کەتیایدا تاکە (کارمەندان) هەوڵدەدەن بۆ گرتنی باشترین پەیوندی وە هاندانی کاری بەکۆمەڵ و سەرکەوتنی.

لەمیانەی ئاشنابوون و ناسینی پێویستیەکانی فەرمانبەران و ئەندازەی کاریگەربوونیان بەبەهای دامەزراوەکان، ئامانج لەپەیوەندی بەدیهێنانی هاوگونجاندنی (تنیسق) لەنێوان کردارو هەڵسوکەوتەکان لە ڕێکخراوەکەدا بکرێت لە زانیارییەکان ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی بریاری کارگێڕی دەربکرێت(تیشاد سلونی ،سەرچاوەی پێشوو : 176).

ب/ پەیوەندی دەرەکی( الاتصال الخارجی) : ئەوە دروست دەکرێت لەنێوان دامەزراوە کارگێرییەکەودەرەوەی خۆیدا لەمامەڵەکاران و ئەوانەی سەردانی دامەزراوەکە دەکەن کەدەبێت لەسەر بنەمای بەبازارکردنی گشتی پەیرەو بکرێت. بەتایبەت دامەزراوە کارگێرییەبەرهەمهێنەرەکان و تەنانەت لەو دامەزراوانەی کە خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش دەکەن، لەژێر سایەی سیستمی( (N.P.M.دا گۆڕان لە چەمکی خزمەگوزارییەکەدا دەبێت لەبەکارهێنەری کارگێری (-Usager Administrative)رووە بەکارهێنەری – مامەڵەکار ) (Usage-Client)بەوەش دامەزاروە کارگێرییەکان پەیوەندیان لەگەڵ بەکاربەر و سوودمەندانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەهەمان شێوازە کلاسیکی و تەقلیدیەکان نابێت.بەڵکو بەرەو بنیاتنانی بنەماکانی بەبازارکردنی هاوچەرج دەبێت،ئەگەر نەگەیشتینە ئەو ئاستەی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت بەڵام لە هەوڵدان بۆ باشترکردنی شێوازی وەڵامدانەوەی داواکاری و پێداویستییەکانی هاوڵاتیان بەشێوازێکی شارستانی و لەشێوەیەك جۆری خزمەتگوزارییەکان باس بکرێت وە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەکاربەرەکان باش بکات و زیاتر نزیك دەبنەوە لە پێداویستی و خواستی هاوڵاتیان و بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی بڕیاردا(مصطفی :156:2005).

2- هۆپێناوەکانی چەندایەتیەکان لە ((N.P.M

بەرێوەبردنی گشتی نوێ پشت دەبەستێت بە کۆمەڵە هاوپێناوەکانی و چەندایەتی لە گرنگترینیان و ژمێریارشکاریە وبەو پێیەی کە ئامرازێکە بۆ بەشداری لەکارلەسەرکردن بە خەرجی و تێچوونەکان بەمەش(کراوەیی بەدەستهێنان) و وەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستمێکی زایناری بۆ ئامادەکردنی بودجە.لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان بەگرنگترین هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دادەنرێت، بەکورتی لەو دوو پێناوە چەندیەتیە دەدەوێین:

أ_ ژمێریاری شیکاری و بوودجە:

لەدوای بەدیهێنانی دەرئەنجامی ئەرێنی لە ژمێریاری شیکاری لە کەرتی تایبەت، ئیتر جێبەجێکردنی گوزارییە بۆ کەرتی گشتی و ناوەزەندیش کرا بە ژمێریاری بەڕێوەبەرێتی گشتی نوێ ، بۆ یەکەمجاریش لە کەرتی تەندروستی، ژمێریاری شیکاری پەیرەوکرا، لەپێناو کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادەمەسرەفی نەکردن تییاندا ، چاودێری رەگەزەکانی تیچوو، هەتا لەگەڵ ستانداری نرخی بازاردا ویڵ بێتەوە. لە ژمیریاری شیکاریدا، ئەو زانیاریی و داتایانە بەرهەم دەکات تاوەکو بریاردەر بتوانێت بۆ رووبەربوونەوەی گرفت و کێشەکان، بدیلی پێویست بۆچارەسەرکردن هەڵبسەنگێنێت و بریاری گونجاو و دروست لەبەرامبەریان بدات(صالح:١٩٩٨:١٨٩).

لەلایەکی دیکەوە لەدامەزراوە کارگێرییەکان و بەگوێرەی ((N.P.Mلەجیاتی دابینکردنی نەسریە بۆیان، پشت بە بودجە دەبەسترێت و لەسەر لۆژیکی دەرئەنجام و بەرهەم ئەگەرچی دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین بودجە . سێ رەهەندی هەیە، ئابووری ، یاسایی ، سیاسی. (شكري:٢٠٠٣:١٤٤).

ب-بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان :

پێویستە گەشەپێدان بەراژەی گشتی و دامەزراوە کارگێرییەکان لەسەر بنەمای گەشەپێدان بەسەرچاوە مرۆییەکان دارێژرابێت چونکە بەگرنکترین هۆکاری بەرهەمهێنان و باش بەڕێوەبردنی سەرچاوە و دەرامەتە مادی و داراییەکانی دیکەیە، دەرئەنجامیش چەند زاراوە و چەمکێك جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان دەبێت وەك چوستی و چالاکی وئەدا و پاڵپشت کردنی کاری بەکۆمەڵ، بۆ دۆزینەوەی وەبەگەرخستنی سەرچاوەی مرۆیی (العنزي و الساعدي:٢٠٠٧:١١)، لەراژەی گشتیدا پشت بەچەند پێوەرێك دەبەسترێت بۆ دامەزراندن لە ڕاژەی گشتیدا وەك بنەمای لێهاتوویی شێوازی گرێبەست، راسپاردنی کارگێری، بنەمای هەڵاویردکاری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاندانی کارمەندان و سنوردارکردنی قەوارەو ژمارەی فەرمانبەران گشتی (حالي ٨٩:٢٠٠٨):

شیاوی ئاماژە پێدانە لە پێشینەی ئەو وڵاتانەی کە سیستمی ((N.P.M)یان پەیرەوکردووە وەك سیستمێك بۆ چاکسازی لە ڕاژەی گشتیان بریتین لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، نیوزلەندا، کەنەدا.(شعراوي:١٩٩٨:٣٨)

کۆتایی

یەکەم : دەرئەنجام

1)پێناسەی چاکسازی کارگێری ، لە گۆشەنیگا و تێروانینی فەلسەفی و کارگێری و یاساییەوە جۆراوجۆرەوە کراوە ، لە کۆی هەموویاندا ،خاڵی هاوبەش کە جەختی لێدەکەنەوە ئەوەیە کە چاکسازی کارگێری  واتای گۆرانێکی بنچینەیی بەردەوام و سەراپاگیری لەدام ودەزگا کارگێرییەگشتیەکان لە خۆ دەگرێت.

2) چاکسازی کارگێری بەمانا نوێیەکەی، بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا ئەنجامدرا لە میانەی چەند بەرنامەیەکی چاکسازی کە پێشکەش کرابوو.

3)ئامانجی چاکسازی فرە ڕەهەندە و لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە ریزبەندی ئەو ئامانجانە دەگۆڕێت ،ئەگەرچی لە کۆیی گشتیاندا ئامانجیان باشترکردنی کارو خزمەتی دام و دەزگا کارگێرییەکانە.

4)یەك ماناو پێناسەی سەرتاسەریمان نیە بۆ چەمکی راژەی گشتی، ئەمەش بەهۆی بوونی چەند سیستمێکی سەرەکی لەبواری ڕاژەی گشتیدا.

5)سیستمی ڕاژەی گشتی لە هەرێمدا بنیاتە لەسەر بیرۆکراتی کارگێری و کلاسیکی ،وەهاش دارێژراوە ، کەوەزیفە گشتی، وەزیفە و پیشەیەکی سەربەخۆ و جیاواز بێت لە پیشەکانی دیکە ،بەخەسڵەتی بەردەوامی و جێگیری دەناسرێتەوە.

6)سیستمی ڕاژەی گشتی لە هەرێم چەندین کەلێن و کەم و کوڕی تیادایەو هاورەت نیە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەر دەمی ئیستا ، وەڵامدەرەوەش نیە لەگەڵ  پێشکەوتنەکانی سەردەم.

7)چەندین پالنەر وهۆکار هەن، لەهەرێمدا وادەکەن  پێویستمان بە چاکسازی هەبێت لە بواری راژەی گشتیدا.

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8)پرۆژە یاسای چاکسازی پێشکشەکراو بەپەرلەمانی کوردستان بۆ بوارەکانی پەیوەست بە راژەی گشتی لە ئاستی پێویستدا نیە، چونکە لەچوارچێوەی سیستەمە کۆنەکەدایە ،بەکەمێك ڕاستکردنەوەی کۆمەڵە هەڵەو کەم وکوڕیەك کە حکومەت ئەنجامی داوە لەبواری دامەزراندن وخانەنشینی وموچەدا.
9)سیستمی کارگێری گشتی نوێ، بەباشترین پلان و میکانیزم دادەنرێت بۆ کارپێکردن و جێبەجێکردنی لەبواری ڕاژەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەر ئەو دەرەنجامە باش و بەرهەمدارانەی لێ کەوتووتەوە لەو وڵاتانەی کە ئەو سیستمەی تیادا پیادەکراوە.
دووەم : راسپاردەکان:
1-دامەزراندنی سێکتەرێك بۆ کاروباری راژەی گشتی لە هەرێمی کوردستان . وپەیوەست کردنی بە یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت بۆ پرۆسەی چاکسازی.
2-جیبەجێکردنی یاسای دامەزراندنی ئەنجوومەنی راژەی گشتی هەرێم.
3-گۆرینی سیستمی ڕاژەی گشتی هەرێم بۆ سیستمی بەرێوەبردنی گشتی نوێ N.P.M))
4-پەیرەوکردنی سیستمی (ناناوەندی کارگێری) لە هەرێمی کوردستانی عێراق .
٥-کارکردن بە میکانیزمە نوێیەکانی چاودێری کارگێری بە نمونە سیستمی ئۆمبۆسمان کە لەسوید پیادەدەکرێت بۆ بەهێزکردنی رایەڵەی پەیوەندی نێوان هاوڵاتی وکارگێری گشتی.
٦-دارشتن ودەرکردنی یاسای نوێ بۆ ڕاژەی گشتی فەرمانبەران، چونکە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(24) ی ساڵی 1960هەموارکراو ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەریوە ،وەڵامدەرەوەی ئەو گۆرانکاریە نوێیانە نابێت کەلەبواری ڕاژەی گشتی روویانداوە.
٧-هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پرۆسەی چاکسازی کارگیری.بەتایبەت لەلایەنی ئەکادیمیەوە بە خستنە رووی تێزی زانستی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی.

## سەرچاوەکان

یەکەم:-کتێب

١-د.أحمد صقر عاشور ، اصلاح الادارة الحكومية ، مكتبه نيل وفرات، 1995.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢-د.احمد محمد عنيم ،سياسات واستراتيجيات الإدارة،المكنية العصرية مصر ،2004.
٣-د.بدري مباركه، محاضرات في الوظيفة العامة، محاضراات القيت على طلبه كلية الحقوق والعلوم السياسية في جامعه الدكتور الطاهر مولاي بسعيدة، مملكة المغرب، 2014- 2015.
٤-د.حسن الحلبي، الوجيز الإدارة العامة بەشی چوارەم ،الإصلاح الإداري ،المكتبة الإداري،بيروت ،1998.
٥-د.خالد سمارة الزعبي،الجوانب القانونية الإدارية لمفهوم الإصلاح الإدارى ،تویژینەوەیەکی بلاوکراوەیە لەپێگەی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ گەشەپێدانی ئابووری.
٧-د.خليل محمد حسن الشماع ، مبادىء الادارة (مع التركيز على ادارة الاعمال) ، دار المسيرة، عمان، الاردن، 2007،
٨-د.ديالا الحج عارف، الاصلاح الاداري ، چاپی یەکەم، دار الرضا ، بۆ بڵاوکردنەوە، دمشق، 2003 .
٩-ربحی مصطفی وعدنان محمود ، الاتصال والعلاقات الاعامة، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، 2005
١٠-د.شريف يوسف خاطر، الوظيفة النهضة العربية، القاهرة، ط2، 2008
١١-صبری حالی أحمد، نظام الجدارة في توليه الوظائف العمومية، دار الجامعية الجديدهه، مصر، 2008
١٢-د.طارق المجذوب،الإدارة العامة،چاپی یەکەم ،بڵاوکراوەی (الحلبي) الحقوقية،بيروت 2005.
١٣-د.فهمی شكري، الموازنه العامه ماضيها و حاضرها، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، 2002،
١٤-د.علي حسن الشابی، الادارة العامة والتحديث، شركة رشاد برس، لبنان، 1995.
١٥-د.ماهر صالح الجبوري، مبادئ القانون الإداري،دار الكتب للطباعة ،بغداد،1996.
١٦-محمد صالح" السلوك التنظيمی، مركز التنميه الادارية، الاسكندريه، مصر، 1988،
١٧-منير البعلبكي،المورد القريب، الطبعة السادسة والعشرون،دار العلم للملايين،2015.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: تێزی دکتۆرا وماستەرنامەکان

1. بن عيسى ليلى، اهمية التيسير العمومي الجديد في قطاع التعليم العالي، جامعة محمد خضيرة،2006.
2. تيشاد سلوى، افاق الوظيفة العمومية الجزائرية،اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية، جامعة بومرداس،2015.
3. نيسم الداعر، الاصلاح الاداري ودوره في تحسين الخدمة العمومية فى الجزائر، رسالة ماجستير، مقدمه الى جامعة العربى بن مهدي ، كليه الحقوق والعلوم السياسية، 12015 -2016 .
4. خلفان علي المصبح ،الإصلاح الإداري فى دولة الامارات العربية المتحددة،مجلة الإداري ، معهد الادارة العامة بمسقط، العدد 38-39.
5. سلوى جمعه شعراوي، اصلاح الخدمة المدنية في المملكه المتحدة و الولايات المتححده بمصر، رساله ماجستير، كليه الاقتصاد والعلوم السياسية ، جامعه القاهرة، 1988
6. عفاف الباز ،الإصلاح الإداري كوظيفة استشارية للتنظيم الحكومي،اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الاقتصاد والعلوم السياسية،جامعة القاهرة ،1995.

سێهەم:توێژینەوە وبلاوکراوە

١-الاصلاح الاداري في المغرب ، مجلة القانون والعلوم الادارية، پێگەی ئەلیکترۆنی: http://www.droit-naric,.blogeot.cim

٢-پێگەی ئەلیکترۆنی وەزارەتی دارایی وئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق id=1802&http://mof-krg.org/Default.aspx?page=article بەرواری سەردانی ٢٠١٩/٣/١١

چوارەم: دەستوروياساکان

1. دەستوری کۆماری عێراقی فیدرال ٢٠٠٥
2. یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە( ٢٤ )ساڵی١٩٦٠ ی هەموارکراو.
3. یاسای ڕیکسازی فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشین و موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**الملخص**

تعاني منظومه الإدارة العامة في اقليم كوردستان من مشكلات كثيرة ،ترتبط بشكل اساس بنظام المتبع في الوظيفة (الخدمة) العامة و وجود كثرة الاخطاء في السلوك الإداري وبالتالي تعثر نتائجها و مخرجاتها وعدم قدرتها على تحقيق اهدافها وهذا البحث يهدف الى اصلاح هذا النظام،من خلال تطبيق الإدارة العامة الحديثة كنموذج حيوي للإصلاح الإداري في نظام الخدمة العامة، وبما يتناسب مع الرؤية الاستراتيجية المراد تحقيقها على مستوى النتائج لخدمة المصلحة العامة.

**Abstract**

Our public administrative in Kurdistan Regional Government K.R.G suffer from many problems in system public service, that are related in one way or another to many errors corruption and the absence of honesty from the administrative behavior and consequently these organizations are unable to achieve their goals and outputs This study aims at surrounding the defect phenomenon and diminishing its effects through the honest administration as an active model of the administrative reform in public organizations to New Public Management . The members administrative work and behavioral performance are protected from corruption by adopting the true values that suit the strategic view. this view is the goal that needs to be attained on the level of organizational outputs to serve the public interest